# The Emergence Factors of the Proverbs, Sermons, and Wisdom Literature in Ancient Egypt

**Salahddin Baqi Hussein [1], Emad Abdulqader Muhammed Saeed[2]**
[1]Department of strategic Historical, Archaeological, and Cultural Studies. Faculty of Arts, Soran University, Soran, The Kurdistan Region, Iraq, [2]History Department, The college Raparin University, Ranya, College of .Human science, The Kurdistan Region, Iraq

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2692.13*

*Published: 5/4/2026*

## *Abstract*

*Ancient Egyptian civilization is one of the oldest civilizations in the world, especially in terms of literary works, which has a rich cultural heritage of wisdom and advice, which has become a valuable historical source. Writers who held prominent positions have recorded their advice and kept their names alive. The basis of this kind of literature in this country has been primarily influenced by religion, which has influenced the behavior of individuals in the country, regardless of their religious, political, administrative and social position. Then, they have become a strong means of educating and listening to future generations so that they can play their role properly in society and in different spheres of governance of the country. This study descriptively and analytically focuses on some of the reasons for the emergence of wisdom and advice literature in ancient Egypt, because these factors led to the emergence of this type of literature. The environmental, intellectual and cultural conditions of the country have made it have many literary forms of its own. This study has made an attempt to organize the different causes and phenomena in several different titles, so that they include geographical, religious, political, economic, social, cultural and many specific phenomena. These factors have made this kind of literature appear, develop and grow in this country. This is the reaction of the individual in this country to the environment, religion, political, economic and social conditions. It also has many literary features of its own, which distinguish it from the wisdom literature of other nations of the region, such as the use of different calligraphy, writing and language.*

***Keyword**: Ancient Egypt, Wisdom literature, Reason, Appearance.*

# هۆکارەکانی دەرکەوتنی ڕوخسارە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی دانایی و پەند و ئامۆژگاری لە میسری کۆن

## هەڵێنجراوی نامەی دکتۆرا

م. صلاح الدين باقي حسين[1]
Salahadin.husain@soran.edu.iq

پ. د. عماد عبدالقادر محمدسعيد[2]
imadabid73@uor.edu.krd

بەشی لێکۆڵینەوە ستراتیجییە مێژوویی و شوێنەواریی و کەلتوورییەکان، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە

شارستانیەتی میسری کۆن، یەکێکە لە کۆنترین شارستانییەتەکانی جیهان، بە تایبەت لە ڕووی بەرهەمی ئەدەبیەوە، کە خاوەنی میراتێکی کولتووری دەوڵەمەندی دانایی و پەند و ئامۆژگارییە، کە بۆتە سەرچاوەیەکی پڕ بەهای مێژوویی. ئەدیبان و نوسەران کە خاوەن پلە و پایەی وەزیفی دیاربوون، پەند و ئامۆژگارییەکانیان تۆمارکردووە و ناوی خۆیان بە زیندوویی هێشتۆتەوە. بە وردبوونەوە تیایاندا درک بە هزر و ئەزموونی تاکی ئەو وڵاتە دەکرێت لە ڕووی کایە جیاوازەکانی ژیانەوە.

بنچینەی ئەم جۆرە ئەدەبە لەم وڵاتەدا بە پلەی یەکەم لە ژێر کاریگەری ئاییندا بووە، ئەمیش بە ڕۆڵی خۆی کاری کردۆتە سەر ڕەفتار و ئاکار و هەڵسوکەوتەکانی تاکی ئەو وڵاتە، جا ئەو کەسانە لە هەر پێگەیەکی ئایینی و سیاسی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی دابن، دواتر بوونەتە پێناوێکی بەهێزی پەروەردە و گۆشکردنی نەوەکانی داهاتوو، تاوەکو بتوانن بە شێوەیەکی دروست لە ناو کۆمەڵگە و کایە جیاوازەکانی بەڕێوەبردنی وڵاتدا ڕۆڵی خۆیان ببینن.

ئەم توێژینەوەیە، بە شێوەیەکی وەسفی و شیکاری تیشک دەخاتەسەر کۆمەڵێک هۆکاری دەرکەوتن و ڕوخسارە ئەدەبیەکانی دانایی و پەند و ئامۆژگاری لە میسری کۆن، بارودۆخی ژینگەیی و هزری و ڕۆشنبیری ئەو وڵاتە وایانکردووە، کە خاوەنی چەندین ڕوخساری ئەدەبی تایبەت بە خۆی بێت.

لە توێژینەوەکەدا، هەوڵدراوە هۆکار و ڕوخسارەکان لە چەندین ناونیشانی جیاوازدا ڕێکبخرێن، بە جۆرێک، کە بابەتی جوگرافی، ئایینی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و چەندین ڕوخساری تایبەت لەخۆبگرێت. ئەم هۆکارانە وایانکردووە، ئەم جۆرە ئەدەبە لەم وڵاتەدا دەربکەوێت و پەرەبستێنێت و گەشەبکات. ئەمە پەرچەکرداری تاکی ئەم وڵاتەیە بەرامبەر بە ژینگە و ئایین و بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان.

**کلیلی وشەکان**: میسری کۆن، ئەدەبی دانایی، هۆکار، ڕوخسار.

پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە، تایبەتە بەو هۆکارانەی وایانکردووە ئەدەبی دانایی و پەند و ئامۆژگاری لە وڵاتی میسری کۆندا دەربکەوێت، ئاخۆ ئەو هۆکارانە کامانەن کاریگەرییان هەبووە لە سەر ئەو بوارە ئەدەبیەدا. وەک دەرخستنی ئەوەی کە ئایا هەریەکەیان بە چ ڕادەیەک کاریگەری جێهێشتووە؟ ئەوە ڕوونە کە ژینگە هەمیشە کاریگەری بەهێزی لە سەر کۆی کایەکانی ژیانی مرۆڤدا هەبووە، بە تایبەت لە ڕووی هزری ئایینیەوە، پاشان ڕووچۆتە ناو کایەکانی تری وەکو سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری. ئەگەر بە جۆرێکی تر بڵێین، هەموو ئەمانە بەیەکەوە ڕۆڵیان بینیوە لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئەم جۆرە ئەدەبە. هەر ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی ئەدەبی دانایی ئەو وڵاتە خاوەنی چەندین ڕوخساری ئەدەبی تایبەت بە خۆی بێت،

کە جیایبکاتەوە لە ئەدەبی گەلانی تر. ئەم ڕوخسارانە دەرهاویشتەی پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی ئەو وڵاتەن.

لە توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە گشت ئەو هۆکارانە بخرێنەڕوو، کە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی ئەدەبی دانایی و پەند و ئامۆژگاری، هەروەها بە دیارخستنی ڕوخسارەکانی ئەم جۆرە ئەدەبە لە شارستانیەتی میسری کۆندا، جێگەی هەڵوەستە لە سەر کردنە، ئەدەبی دانایی ناو ئەفسانەکان لەم توێژینەوەیەدا فەرامۆش کراوە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی ئەفسانە لێکۆڵینەوەی زۆری لە بارەوە کراوە.

بە گشتی توێژینەوەکە جگە لە پوختە و پێشەکی و لیستی سەرچاوە و ئەنجام لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە:

تەوەرەی یەکەم: لەم تەوەرەیەدا تیشک خراوەتەسەر هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەدەبی دانایی و پەند و ئامۆژگاری لە میسری کۆن، کە بریتین لە هۆکارەکانی جوگرافی و ئایینی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، تیایدا بە پوختی ڕۆڵ و کاریگەری هەر یەک لەم هۆکارانە خراوەتەڕوو.

تەوەرەی دووەم: لێرەدا باس لە ڕوخسارە ئەدەبییەکانی ئەدەبی دانایی و پەند و ئامۆژگاری ئەم شارستانیەتە کراوە، کە خۆی لە کۆمەڵێک ناونیشان دەبینێتەوە، کە بریتین لە ڕواڵەتەکانی تۆمارکردنی دەقەکان لە سەر پەڕی پاپیرۆس و بە ختەتی جیاواز، گۆڕانکاری هاتن بە سەر گوزارشتە ئەدەبییەکان و هاتنە ناوەوەی وشەی بیانی و پیدانی ئامۆژگاری لە لایەن باوکانی خاوەن پلە و پایەی وەزیفییەوە بۆ کوڕەکانیان و شێواندنی دەقەکان لە لایەن خوێندکارانەوە و چەندینی تر.

ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە: ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی ئەو هۆکارانەن، کە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی ئەدەبی دانایی و پەند و ئامۆژگاری لە میسری کۆندا. هەروەک هەوڵی

دەرخستنی ڕوخسارەکانی ئەم جۆرە ئەدەبە دەدات، تاوەکو ئەوەی لە ناو پەڕەکانی مێژوو و شارستانیەتی ئەو وڵاتەدا بە شاراوەیی نەمێننەوە. گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، دەریدەخات، کە کاریگەری هەر یەکێک لەم هۆکارانە تاچ ڕادەیەک بووە، پەردە لە سەر چەندین ڕوخساری ئەدەبی ئەو وڵاتە هەڵدەداتەوە، کە وایکردووە خاوەن ڕوخساری  ئەدەبی تایبەت بە خۆی بێت.

میتۆدی توێژینەوە: میتۆدی توێژینەوەی وەسفی شیکاری بۆ ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە، کە بریتییە لە خستنەڕووی زانیارییەکان و وەسفکردنیان و ئەنجامدانی شیکاری بابەتیانەیان.

پرسیارەکانی توێژینەوە:

1-هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەدەبی دانایی و پەند و ئامۆژگاری لە میسری کۆندا چین؟

2-کاریگەریی هەریەک لەو هۆکارانە لە سەر دەرکەوتنی ئەم جۆرە ئەدەبە لە شارستانیەتی میسری کۆن چییە؟

3- ڕوخسارەکانی ئەدەبی دانایی و پەند و ئامۆژگاری لە میسری کۆندا کامانەن؟

4- بە درێژایی قۆناغە مێژووییە کۆنەکانی ئەم وڵاتە ئەو گۆڕانکارییانە چین کە بە سەر ڕوخسارەکانی ئەدەبی دانایی و پەند و ئامۆژگاریدا هاتوون؟

تەوەرەی یەکەم/ هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەدەبی دانایی و پەند و ئامۆژگاری لە میسری کۆن

ئەدەبی دانایی لە میسری کۆندا بە وشەی Sboyet ئاماژەی بۆ کراوە، کە بە واتای ڕێنمایی یاخود وانە دێت (Simpson, 2003: 5). مەبەست لێی فێرکردنی دانایی و پەندەکانی ژیان بووە. واتە، ئەدەبی ڕەفتار و هەڵسوکەوتکردن. ئامۆژگارییەکان بریتی بوون لە پوختەیەکی کەم وشەی واتا قووڵ (مروە، 2013: 10).  دەرکەوتنی ئەم جۆرە ئەدەبە بۆ چەندین هۆکاری جیاواز دەگەڕێتەوە، کە لە خوارەوەدا دەخرێنەڕوو:

1-ژینگەیی-جوگرافی: میسرییە کۆنەکان باوەڕیان وابووە وڵاتەکەیان کەوتۆتە چەقی گەردوون (Timothy and Peter, 2003: 2)، تەنانەت وا تێگەیشتوونە، کە هیچ وڵاتێک بێ نیل نییە، لە لایەکەوە ئەم داخراوییەی میسر لە ڕووی جوگرافییەوە یارمەتیدەر بووە بۆ پاراستنی لە مەترسی دەرەکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن. لە لایەکی تریشەوە نەیتوانیوە ڕێگر بێت لە هێرش و بەرپەرچدانەوەی ڕۆژئاوا و باشوور لە لایەن وڵاتی لیبیا و نوبە، بۆیە ئەمە وایکردووە دەرفەتی پێشکەوتنی مەدەنی و شارستانی لەو وڵاتەدا بڕەخسێت (یونس، 2010: 478-479).

ئەم وڵاتە لە پارچە زەویەکی سەوزایی دەچێت لە ناو زەویەکی بیابانیدا، کە ڕووبار بە درێژایی هەزاران ساڵ دروستیکردووە، دانیشتووانەکەی لەو کاتەدا کاری ڕاو و شوانکارەییان ئەنجامداوە، بریتی بوون لە هۆزی بەربڵاو لە سەر ڕۆخی ڕووباری نیل و زۆنگاوەکانی دەوروبەری دەژیان، بەڵام بە هۆی نیلەوە بە خێرایی بەرەو کشتوکاڵ و یەکگرتن ڕۆیشتوون، بۆیە ڕووباری نیل بوو بە هۆکاری دروست بوونی نشینگەی مرۆیی، لادێ، شارەکان و هۆزەکان نیشتەجێ و سەقامگیربوون، لە ئەنجامدا دەوڵەتە شارەکان وەکو قەوارەیەکی سیاسی دەرکەوتن (جاردنر، 1973: 43-56).

میسر بە خاسیەتی جوگرافی جۆراوجۆر دەناسرێتەوە، کە ڕۆڵی سەرەکیان لە گەشەسەندنیدا بینیوە، بە جۆرێک کە هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئێستا ڕووباری نیل هۆکاری سەرەکی بوونی ژیانە لە سەر خاکەکەی. ئەمەش جەختکردنەوەیە لە سەر وتەی هیرۆدۆت، کە دەڵێت: "میسر دیاریی نیلە"[1]، چونکە لەگەڵ خۆیدا خاکێکی پڕ خۆراک دەهێنێت (Kasia, 2010: 3). زەویی

---

(1) هیرودوتس لە ساڵی 484 پ.ز دا لە هالیکارناسوس، کە دەکەوێتە ئاسیالا بچووک لە دایکبووە، لە نێوان ساڵانی 460-455 پ.ز دا سەردانی میسری کردووە، دواتر گەڕاوەتەوە ئەسینا و تیایدا نیشتەجێ بووە، لە ساڵی 446 پ.ز دا لە لایەن ئەنجومەنی ئەسیناوە لە هەمبەر پەرتووکە مێژووییەکەیدا پاداشتکراوە، شایەتحاڵی جەنگەکانی ئەخمینی گریکی و بلۆبۆنیزی یەکەم و داگیرکاریەکانی ئەسیوپیا بۆ میسر بووە، بە باوکی مێژوو دەناسرێت، بۆچوون وایە لە تەمەنی شەست ساڵیدا کۆچی دوایی کرد بێت(هیرودت، 2023: 10-13).

میسر بیابانێکی چۆڵە و خاڵییە لە بنەما سەرەکییەکانی ژیانکردن. بۆیە بە درێژایی ڕۆخەکانی ڕووباری نیل دانیشتووانەکەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایدا بڵاوبوونەتەوە. خاوەنی ڕووبەرێکی فراوانی بیابانییە. ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی بە درێژایی کاتەکانی ساڵ کەش و هەواکەی گەرم بێت (یونس، 2010: 477)، لە ئەنجامدا دیمەنە سروشتییە هەمەڕەنگەکانی ئەو وڵات کاریگەرییان لە سەر هزری مرۆڤی میسری کۆن داناوە، بە جۆرێک کەوا خوداوەندەکان ڕەنگدانەوەی ڕەگەزە سروشتییەکان بوونە (Kasia, 2010: 3).

نەخشەی میسری کۆن




(حمە شیرین، 2014: 301)

میسرییەکان بە خاکی خۆیان وتووە "کمت". واتە، خاکی ڕەش. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو قوڕو لیتەیەی کەوا ڕووباری نیل لەگەڵ لافاوی خۆیدا دەهێنێت و دەبێتە هۆی بە پیتی خاکەکەی. هەرچی بیابانە هەندێکجار بە دشرت ناویان بردووە. واتە، خاکی سوور. میسر خاکە بە پیتەکەی کەوتۆتە نێوان هەردوو بیابانەکەیەوە، بۆیە لە زۆر ڕووەوە پشتی بە بەرهەمی ناوخۆیی بەستووە (جاردنر، 1973: 47).

سەرهەڵدان و مێژووی کۆمەڵگە لە سەر خاکی میسر بە هۆکارە ژینگەییە جوگرافییەکانیەوە بەستراوەتەوە. مرۆڤ و ژینگە بە توندی وابەستەی یەکن. لە سەر ئەم خاکەدا یەکێک لە کۆنترین شارستانیەتەکان سەریهەڵداوە. شارستانیەتیش ئەنجامی ڕاستەوخۆی هەڵکردنی مرۆڤە لەگەڵ ژینگەکەیدا و کەوتۆتە ژێر کاریگەرییە سروشتییەکانیەوە. ئەم هەڵکردنە وایکردووە، ڕواڵەتەکانی ئەم شارستانیەتە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بە جۆرێک گەشە بسێنێت، کە تاکی میسری کۆن سوود لە ژینگەکەی وەربگرێت و بۆ بەرژەوەندییەکانی بەکاریبهێنێت (عبدالحلیم، 1998: 1).

ڕواڵەتە جوگرافییەکان بوونەتە هۆکارێک بۆ دابەش بوونی ئەم وڵاتە بۆ دوو دەوڵەت، کە لە باشووردا دۆڵێکی تەسکە و لە باکووردا دەلتایەکی فراوانە. سەرباری هەبوونی هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی، باشوورییەکان بە داخراوی لە ناوچەیەکی سنورداری دراوسێی بیاباندا ژیاون، بۆیە ئاشنا نەبوونە بە ڕواڵەتە شارستانییەکان، بەڵام لە هەمانکاتیشدا، ئەم بەشەی میسر ڕووبەڕووی داگیرکاریی دەرەکی نەبۆتەوە. ئەمەش وایکردووە خەڵکەکەی لە سەقامگیری و هێمنی و جێگیریدا بژین، بەڵکو زیاتر بە یەکگرتوویی و دەمارگیری و هەیەجانەوە ژیاون. لەو لاشەوە هەرچی خەڵکی باکوورن، خاوەن سروشتێکی دەوڵەمەندترن و کەمتر توندوتیژبوونە، هەروەها لە ناوچە شارستانییەکان نزیک بوونە، بەڵام ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی لە لایەن ئەو شارستانیەتانەی کیشوەری ئاسیاوە ڕووبەڕووی هێرش و داگیرکاریی دەرەکی ببنەوە، ئەمەش

کاریگەری خۆی خستۆتە سەر دانیشتوان و ژیانیان (العنزي، 2015: 10). پێویستە ئەوەش بوترێت، ئەگەرچی هەردوو بەشی ئەو وڵاتە لە ڕووی ژینگە و فەرهەنگەوە جیاوازن، بەڵام لە ڕێگەی هێرش و پەلاماردانی یەکترەوە میسری سەرو و خواروو یەکخراون (جريمال، 1993: 44-45).

سەرباری ئەمانە، دەبێت ڕۆڵی تاکی میسری کۆن لە بەکارهێنانی بارودۆخی سروشتی ڕەخساو و کەرەستە جیاوازەکان لە بیرناکرێت. پێویستە ئەوەش بوترێت، میسر دیاریی میسریەکانیشە. ئەمەش بە هۆی ئەو کۆششانەی لە بوارەکانی کارگێڕی و ڕێکخستنی ئاوی و بەکارخستنی لە بواری کشتوکاڵ و گشت کایەکانی تری ژیاندا (شاهين، 2008: 3).

درک بەوە دەکرێت، ڕەگەزە سروشتییەکانی ژینگەی میسری کۆن لە کۆنترین چاخەکانیەوە، کاریگەری خۆیان لە سەر سروشتی تاک و بنەماڵە جیاوازەکانی ئەم وڵاتە داناوە. بە جۆرێک هەوڵیداوە لەگەڵ ڕەگەزەکانی ئەم ژینگەیەدا خۆی بگونجێنێت. کاریگەری جێگیری ژینگە و زانیاری و شارەزاییەکانی لەبارەی ژینگەکەی، وایکردووە مرۆڤی ئەو وڵاتە سیستەم و شارستانیەت بناسێت. لە پێناو مسۆگەرکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان و سامانە سروشتییەکان. ئەم ڕەگەزانە لە لایەکەوە بوونەتە هۆکاری کۆبوونەوە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، لە لایەکی تریشەوە کاریگەرییان لە سەر هزری ئایینی و بیروباوەڕیان داناوە. ئەمە و سەرەڕای جێگیربوونی نەریتەکان و ڕوونی ڕۆشنبیریان و گەیشتنیان بە جۆراوجۆری مەعریفە و زانست (علي، 2020: 177-178).

لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت، کەوا ژینگە و جوگرافیای میسر چ ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لە سەر لایەنەکانی هزری ئایینی و دابەشبوونی سیاسی ناوخۆیی، کە خۆی لە هەرێمە جیاوازەکان و ململانێی نێوانیاندا دەبینێتەوە. هەروەها هێرش و پەلاماری وڵاتانی دراوسێ و بە پێچەوانەشەوە داگیرکارییەکانی میسر بۆ سەر وڵاتانی دەوروبەر، ڕەنگدانەوەی ئەم بارودۆخە

تایبەتمەندەی میسری کۆنن. لە لایەکی تریشەوە ژینگە سروشتی و ئاو و هەواکەی کاریگەری بەهێزیان لە سەر ڕواڵەتەکانی ئەم شارستانیەتە داناوە، کە خاوەن ناسنامەی تایبەت بە خۆیەتی. بەڵام لە هەمانکاتیشدا بە دوور نەبووە لە کاریگەر بوون بە شارستانیەتەکانی تر.

2-ئایینی: ئایین لە میسری کۆندا، بە جوڵێنەری بنەڕەتی ڕواڵەتەکانی ژیان دادەنرێت، جا چ هی دنیایی بێت یاخود هی جیهانی تر. ئەم پاڵنەرە ئایینییە، لای بیروباوەڕی مرۆڤی ئەو وڵاتە خۆی لەو هێزە باڵایەدا دەبینێتەوە، کە دەسەڵاتی بە سەر جیهانەکەی ترەوە هەیە. هەستی ئایینی کە باڵی بە سەر قەوارەی میسری کۆندا کێشاوە، ڕەنگدانەوەی بە سەر هزرە ئاکارییەکانەوە هەبووە. بۆیە، بیروباوەڕی تاکی ئەو وڵاتە لە سەر ئەوە بنیاتنرابوو، کە سیستەمی ئاکاری لە بنەڕەتدا باوەڕ بە بوونی خوداوەند داڕێژراوە. لەبەر ئەمە لای وابوو بەبێ بوونی ئەم باوەڕە، ئاکار کاریگەری مەزنی خۆی لە دەستدەدات (حمە شیرین، 2014: 90). هەروەها لە سەردەمە کۆنەکاندا هێزی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتداربوو، کاریگەرییەکەی بە سەر گشت کایەکانەوە دیاربوو. بۆیە، لەم وڵاتەدا ئەدەب و فەلسەفە خاوەن سروشتی ئایینی بوون (Ukon: 2012: 93). ئەمە وایکردووە کۆمەڵگەکە بە شێوەیەکی مەزن پشتی بە بەرزی ماعت ببەستێت، چونکە خوداوەندی تایبەت بوو بە سیستەمی گەردوون، گوزارشت بوو لە تێگەیشتنی هاوسەنگی، دادپەروەری، ڕاستی و بەرجەستەبوون بوو لە ڕەفتاری تاکی میسری کۆن (Blair, 2017: 1).

تێگەییشتنی میسری کۆن بۆ ماعت خۆی لە فەرمانڕەوایی فیرعەون و دامەزراوەی ناوەندیدا دەبینێتەوە (فرانسواز، کوش، 1997: 162). بۆ ئەم خوداوەندە و واتاکانی ڕاستی و دروستی دەرخەری کاری ئاکارییە کەسییەکانن، جا لە سەر ئاستی خێزان بێت یاخود کۆمەڵگە. ئەمەش سەرەتا کاریگەری خۆی لە سەر سەقامگیری و جێگیرکردنی فەرمانڕەوایی بنەماڵەکانی جێهێشتووە، کە فەرمانڕەوایەتییان بە واتای درێژکراوەی فەرمانڕەوایەتی خوداوەندەکان بوو. بە

گوێرەی تۆماری هەرەمەکان بێت، فیرعەونەکان بە ڕاست و حەق و دادپەروەری فەرمانڕەوایەتیان کردووە (Frankfort, 1961: 54).

لە لایەکی تریشەوە کاهینەکان نوسەر و ماموستای بە توانا بوون، چونکە خوێندنگەکان پاشکۆی پەرستگا بوون، لەوێوە بۆ پلە و پۆستی وەزیفی هەمە جۆر ئامادەدەکران، جگە لە پیشەی نوسەری فێری زانستی تر دەبوون، وەکو زانستی پزیشکی و نزایان بۆ خوداوەند تحوت دەکرد و قوربانیان پێشکەشدەکرد (محمود، 2001، 78-79).

پێچەوانەی ماعت بریتییە لە ئیسفت (Isfet). ئەم وشەیە میسرییە، بە واتای ئاژاوە وەرگێرانی بۆ کراوە. مێژوونوسێک لەوبارەیەوە دەڵێت: "ئەو کەسەی کە نمونەی باڵایە و پابەندە بە داب و بڕیار لێدراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاکاری و ئادابی میسرییەکانەوە، ئەوا پێویستە هاوڕا بێت لەگەڵ تێگەیشتنی ماعت. کەسی چاک و بەختەوەر لە ژیانی تردا ماعتیە. واتە، پەیوەستە بە ماعت. هەرچی ستەمکار و پیلانگێڕە بە سەر پاشادا و قەدەغەکراوەکان دەبەزێنێت و تێکدەری سیستەمە بنەڕەتییەکانە، ئەوا ئیسفیتییە و پەیوەستە بە ئیسفت. واتە، دژی تێگەییشتنەکانی ماعتە (مانسيني، 2009: 91-92).

وا دەبینرێت، کە شارستانیەتی میسری کۆن پشتی بە بەها ئاکارییەکان بەستووە، ئەم بەهایانە لە دەروونی خەڵکدا جێگیر و چەسپاوبوونە، بە بڕوا و ڕاستگۆیی و وابەستەبوونەوە کاری پێدەکەن و دەیپارێزن. بۆیە، ئەم شارستانیەتە گرێدراوی ئایین و بەها ئاکارییەکان بووە، هەردووکیان تەواوکەری یەکترن (بکر، 2023: 2).

بە سەرنجدان لە هزری ئایینی میسری، دەردەکەوێت هەموو شارستانیەتی میسر لە سەر بنەمای ماعت دامەزراوە، کە خۆی لە خۆیدا بریتییە لە دادپەروەریی فیرعەون و خزمەتکردن بە دەسەڵاتداریەتی خۆی و بنەماڵەکەی. ئەمەش لە ڕێگەی پیرۆزکردنی بە دادپەروەری خودواوەند

ماعتەوە. بەو پێیەی فیرعەون لە جێبەجێکردنی ئەرکی خوداوەندیەتی لە سەر ڕووی زەویدا نوێنەرایەتی خوداوەند دەکات، بۆیە ڕوونە، کە چۆن ئایین بۆ خزمەتی سیاسەت بەکارهێنراوە.

3- سیاسی: هزری سیاسی لە نێو گشت دروستکراوانی ئەم گەردوونەدا، سیفەتێکە بە تەنیا مرۆڤ هەیەتی، کە بریتییە لە بەرهەمی مێشکی مرۆڤ و کۆششی بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان. هەروەک چۆن جیاوازی هەیە لە نێوان فەیلەسوفان و بیرمەنداندا لەبارەی پەیدابوونی هزر، ئاواش جیاوازی دەربارەی بوونی سیستەمی سیاسی لە میسری کۆندا هەیە. لە هەمانکاتدا هەندێک وای دەبینن هزری سیاسی لە میسری کۆندا بە شێوەیەکی سادە و ساکار بووە. مەبەست لێی تەنیا پێداهەڵدان و شکۆدارکردنی واقیع و خۆبەدەستەوەدان بووە پێی، چونکە تاوەکو ئێستا شوێنەوارێک نەدۆزراوەتەوە کە دەربڕی ڕواڵەتە سیاسییەکان یاخود شیکاری بابەتیانە بێت بۆ سروشتی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتداران و خەڵکی (محمد، 2012: 26-28).

لە ڕووی سیاسییەوە، ماعت مەزهەبێکە بۆ فەرمانڕەوایی و ویستی پاشا، کە گەرەنتی هاتنەدی سیستەم دەکات. ئەمەش بەو واتایەی گوێڕایەڵی پاشا بکرێت و ویستی بهێنرێتە دی، کە مەبەست لێی ویستی ماعتە و پەیوەندیدارە بە یاساکانی سیستەم و فەرمانڕەوایەتی. بۆیە بە دیهێنانی ماعت ئەرکی کارگێڕی و وەزیر بوو. بەو واتایەی ئەو نوسەر و نێردراوی ماعتە. هەر بۆیەش پەیکەرێکی بچووکی ئەم خوداوەندەی لە سەر سنگی هەڵدەواسرا، کە ئاماژە بوو بۆ ڕاستگۆیی (علي، 2018: 18).

بنچینەی فەرمانڕەوایی لە شارستانیەتی میسری کۆندا خاوەن سروشتی ئایینی بوو. دەکرێت بگوترێت دەوڵەتی گەردوونی بە سەرکردایەتی خوداوەندەکان نمونەیەکە، کە دانیشتوانی میسری کۆن لە دروستکردنی دەوڵەتدا باوەڕیان پێهێناوە. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، هزری فەرمانڕەوایی لە میسری کۆندا گۆڕانی بە سەردا هاتووە و گەشەی سەندووە (توفيق، 2024: 255).

لە میسری کۆندا، هزری سیاسی لە سەردەمی دەوڵەتی کۆندا (2780–2270پ.ز) گەشەیکرد و هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی پاشای خوداوەند. بە جۆرێک کە پاشا خۆی دەوڵەت و یاسا بوو. پەیوەندی نێوان خەڵک و خوداوەندەکان لە ڕێگەی وەزیرەوە بوو، میرەکان بە فرمانی وەزیرەکان هەرێمەکانیان بەڕێوەدەبرد. کۆمەڵگەش بۆ چەندین چین دابەشکرابوو، کە بەرزترینیان بریتی بوو لە پاشا. ئەم بیرکردنەوەیە تاوەکو دەوڵەتی نوێی (1580–1085 پ.ز.) بەردەوامی هەبوو، ئەمە وایکرد میسر بە هەردوو لای باکوور و باشوورییەوە، ببێتە دەوڵەتێکی یەکگرتوو (سلیمان، 2021: 5).

بۆیە دەوڵەت و کۆمەڵگە لەو وڵاتەدا، وەک هەرەم وایە، هەرەمێکی بچووکی سەربەخۆی هەیە، کە پاشایە و فەرمانڕەوایی بە سەر وەزیرەکاندا دەکات. ئەمانیش بە ڕۆڵی خۆیان لە سەروی فەرمانڕەوای هەرێمەکانەوەن، کە بەڕێوەبەری شارۆچکە و لادێکانن (مهران، 1993: 213).

ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەکانی ژیان و چارەسەرکردنیان لە ڕێگەی ماعتەوە بووە، کە هێمایە بۆ چاکە و ڕەنگدانەوەی گشت لایەنە ئەرێنییەکان و خوداوەندەکان فەرمانیان بە پاشا کردووە، لە ڕێگەیەوە سەرکەوتن، خۆشگوزەرانی و سەقامگیری دێنەدی. ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی. هەر بۆیە تاکە شتێک کە دەسەڵات دەداتە پاشا بریتییە لە جێبەجێکردنی ماعت. واتا بریتییە لە جێبەجێکردنی یاسا. ئەمەش پابەندی خستۆتەسەر گشت فەرمانبەرێک، کە بە کاری وەزیفی خۆی هەڵدەستێت لە تەنیشت وەزیفەی کارگێڕییەوە (عوض، 2024: 1451).

وەک تێبینیدەکرێت، سیستەمی سیاسی لە میسری کۆندا، زادەی هزری ئایینی و شەرعیەت پێدانیەتی. بە جۆرێک کە پاشا پیرۆز بێت و لە سەروی هەموانەوە مامەڵە بکات و دووربێت لە لێ پێچینەوە. ئەگەرچی بە پێی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و ئابووری وڵات گۆڕانکاری بە سەر

ئەم دەسەڵات و سیستەمەدا هاتووە، خۆی لە بەهێزی و لاوازیدا بینیوەتەوە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە سەر ئەدەبی سیاسیدا دروستکردووە، کە لە ئەدەبی دانایی سیاسی ئەو وڵاتەدا ڕەنگیداوەتەوە.

4-ئابووری: ئابووریی میسر، پشتی بە دەرامەتەکانی خاک بەستووە. میسر خاکێکی بە پیت و شیاوی هەیە بۆ ئەنجامدانی کشتوکاڵ، کە بریتییە لە خاکێکی ڕەش. هەروەها لەگەڵ چیاکانی ڕۆخ ڕووبارەکان و بیابانەکانی دراوسێیان، لە لایەکی تریشەوە ئاژەڵان و ڕووەکەکان دەرفەت و بواری مەزنیان بۆ هەڵبژاردنی لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵات و ئەنجامدانی کشتوکاڵ دەڕەخسێنن، ژمارەی دانیشتوان و پیشەکانیان لە کەش و هەوایەکی مامناوەندا گونجاون بۆ ژیان، کە وایکردووە سامانی سروشتی بە باشی سوودی لێ ببینرێت، لە هەمانکاتدا لە هەندێک کەرەستە و پێداویستیدا ئەو وڵاتە هەژار بووە، وەکو دار و بۆنی تایبەت بە کەشە ئایینییەکان و کانزای زیو و ئاسن (دوما، 1998: 292).

بۆ ئەوەی بتوانرێت سوود لەم سامانە سەرنجڕاکێشەی میسری کۆن ببینرێت، پێویست بوو کۆمەڵێک مرۆڤی ژیری چالاک هەبن، کە بتوانن کاروبارەکان ڕێکبخەن و ئارەزووی سیستەمیان هەبێت. میسرییە کۆنەکان خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانە بوون. ئەمەشیان لە ڕێگەی دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەلماندووە. میسر خاوەن ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان بووە. وا دیارە بەدەست برسیەتییەوە ناڵاندوویەتی. بەڵام ترسناکترین گرفتیان بریتی بووە لە ئاژاوەگێڕی و شەڕی ناوخۆیی. جگە لەمانەش ئەو کاتانەی ئاستی ئاوی ڕووباری نیل ناگاتە ئاستی پێویست، دەتوانرا بە هۆی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی بەروبووم و دابەشکردنیان بە شێوەیەکی ژیرانە، خۆیان لە مەترسی بە دوور بگرن. بۆیە هەندێک لە فەرمانڕەوای هەرێمەکان، لە سەربووردەی خودی خۆیاندا، بە شانازییەوە ئەم دەستکەوتانەیان تۆمارکردووە، کە چۆن توانیویانە هەرێمەکانیان لەو کارەساتانە ڕزگاربکەن. ئەمەش بە هۆی توانا و لێهاتوویی و بڕیاری دروستەوە بووە. بۆ نموونە، لە سەردەمی تاریکیدا (دەوروبەری سەدەی بیست و دووی پێش

زایین)، ئەو شۆڕشەی کەوا توانی کۆتایی بە دەوڵەتی کۆن بهێنێت، میسری ڕووبەڕووی دابەزینی بەرچاوی ژمارەی دانیشتوان کردەوە (دوما، 1998: 295-296).

ئەمە دەریدەخات، گۆڕانی ئاووهەوا و نزم بوونەوەی ئاستی ئاوی ڕووباری نیل لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە، هێرشی دەرەکی و چاوتێبڕینی سیاسی و ئابووری دەسەڵاتدارانی هەرێمەکان، بوونەتە هۆکاری کێشە و ململانێی سیاسی و هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆیی و دەرەکی. بەڵام دانیشتووانی ئەم وڵاتە سەرباری گشت ئەو نەهامەتیانەی بە سەریاندا هاتووە، کۆڵیاننەداوە. بەرهەمی ئەدەبی دانایی سیاسی نیشانی دەدات، کە چۆن دانایانە بیریانکردۆتەوە بۆ ڕزگاربوون لەو ئاستەنگ و کێشە ئاڵۆزانەی ئەو سەردەمە، کە بەرۆکی وڵات و دانیشتووانەکەیان گرتووە.

5-کۆمەڵایەتی: لە کۆمەڵگەی میسری کۆندا، پەیوەندی نێوان دایکان و باوکان و منداڵەکانیان کرۆکی چەمکی تایبەت بە خزمایەتی لەخۆدەگرێت. سەرباری نەبوونی بەڵگە لە سەر ئەنجامدانی ئاهەنگی هاوسەرگیری، بەڵام گرنگی هاوسەرگیری لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دانپیادانراوە (Kasia, 2010 : 471).

بنچینەی ڕواڵەتەکانی شارستانیەتی میسری لە سەر ئایین بنیاتنراوە، بۆیە گشت لایەنەکانی تری ژیان لەم وڵاتەدا ڕەهەندی ئایینیان هەیە، ئایین وایکردووە لە هەزارەی چوارەمی پێش زایینەوە ئاکارەکانی کۆمەڵگەی میسری پتەوبن، بیروباوەڕە ئایینییەکان بوونەتە ئاراستەکار و ڕێنیشاندەر بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی خاوەن ئاکاری دیار، کە لە ڕاستیدا چوونی خێزان و کۆمەڵگەی میسری بە گشتی بەرەو برواداری و خووگرتن بە ئایین، وایکرد کاریگەریی مەزن لە سەر گەشەسەندن و پێگەیشتنی هزری ئاکاریدا دابنێت، ئەمە بە جۆرێک بوو کە لە ئاییندا گرنگترین بنەماکان بریتی بوون لە بەها و نمونە سوزدارییەکان و ڕەفتارە بەرجەستە بووەکان، کە تاکی میسریی کۆن وەکو سروود دەیچڕی، ئەمەش خۆی لە گوێڕایەڵی و ئارامگرتن و خاکەڕاییدا دەبینیەوە (الريشاني، 2021: 10-11)، چونکە خێزانی میسری خاوەن سیستەمی باوک سالاری بوو، تیایدا

باوک دەسەڵاتی ڕەهای بە سەر هاوژین و منداڵەکانیدا هەبوو، خستنەوەی منداڵ و منداڵ لەخۆگرتن لە دیارترین ڕوخسارەکانی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو کۆمەڵگەیە بوون، ئەمەش زۆر لە ژێر کاریگەری هۆکاری ئابووری دابوو، چونکە دەستی کاربوون بۆ کۆمەڵگە، بۆیە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکان لە لایەن باوکانەوە دەردەچوون (حسمني، 2020: 8-10).

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، فیرعەون لە سەروی خانەدانەکانەوە بوو. ئەمانیش لە سەروی جووتیارەکانن. هەرچی ڕێکخستنی ئایینی دەوڵەتە، ئەوا فیرعەون تاکە ئەڵقەی پەیوەندییە لەگەڵ خوداوەندەکاندا. بەمەش لە سەروی کاهینەکانەوەیە. ئەوان بە ڕۆڵی خۆیان لە سەروی گەلەوەن. لە ڕاستیدا ئەم لێکچوواندنە هەرەمییە تەنیا یەک شتە، چونکە فەرمانبەرانی باڵا و خانەدانەکان و گەورە خاوەن موڵک و کاهینەکان لە پلەبەندی دابوون، ئەوان ڕاستەوخۆ لەو چینەدا بوون، لە دوای فیرعەونەوە دەهات، کە لە ئەرکە تایبەتییە دیارکراوەکاندا نوێنەرایەتییان دەکرد (مهران، 1993: 213-214). سەردەمی دەوڵەتی کۆن، لە سەر ئاستی ناوخۆدا لە گشت سەردەمەکانی تر خۆشگوزەران تر بوو، ئەمەش پەیوەندی بە بەهێزیی دەسەڵاتی پاشا و ناوەندیەتی بڕیاردانەوە هەبوو، چونکە کۆمەڵگەی میسر ئەو کاتە لە دوو چینی سەرەکی پێکهاتبوو، یەکەمیان چینی باڵا بوو، کە پاشا و بنەماڵەکەی و دەست و پێوەندەکانی دەگرتەوە، هەروەک جێگرەکانیان لە فەرمانبەرە باڵاکان و میری هەرێمەکان و گەورە پیاوانی ئایینی. هەرچی چینی دووەمە، کە بە چینی نزم ناسراوە، پێکهاتبوو لەو کرێکارانەی کە پیشەیان شوانکارەیی و جوتیاری و ڕاوکردن و پیشەی جۆراوجۆر بوو، لە نێوان ئەم دوو چینەدا چینێکی مامناوەند هەبوو، کە لە فەرمانبەرە بچووکەکان و نوسەرانی کارگێری دەوڵەت پێکدەهات، هەروەها ڕێگە بە کوڕان درابوو شوێنی وەزیفی باوکانیان بگرنەوە، بەو مەرجەی تواناداربن، ئەگەرچی هەندێک لە خەڵکی چین نزم بەدەست هەژارییەوە دەیانناڵاند (عبده، 2001: 584-586).

وا دیارە لە سەردەمی دەوڵەتی کۆندا، ڕێنماییە ئاکارییەکان لە شێوەی پەند و وەسیەتنامەدا هاتوون، کە لەو سەردەمەدا گوزارشتیان لە ڕەفتاری دروستکرد بێت. هەروەها یەکەمین ڕێنمایین کە جەختیان لە سەر بڕیاردان لە سیستەمی ماعت کردۆتەوە. لە سەدەی بیست و حەوتی پێش زایینیدا، وا باو بوو ڕەفتارەکان لە باوکانەوە بۆ کوڕەکانیان بە میرات دەمانەوە، جگە لەمەش سەرکەوتنی دونیایی لەو کاتەدا جێگای بایەخ بوو، پیاوەکانی گەیشتن پێی گرنگی مەزنی هەبوو. بۆیە، بەشێکی زۆری ئامۆژگارییەکانی ئەو سەردەمە مێژووییە لەو پیاوەدا بوو، کە بابەتەکانی جەختکردنەوە بوو لە بەرپرسیاریەتی خێزانی (شهبي، 2020–2021: 38). لەبەرئەوە، دانا کۆنەکانی میسر بە باشیان زانیوە لە بنەما خێزانییەکاندا، توانای شایستەیی هاوسەرگیری و ئەنجامدانی هاوسەرگیری زوو، نمونەی بەڕێوەبردنی باشی خێزان و ژیریی هاوژین و سۆز و گیانێکی خوشک و برایانە و زۆری منداڵ خستنەوە و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لە نێوانیاندا هەبێت (صالح، 1988: 11).

وەک دەردەکەوێت، بنچینەی کۆمەڵایەتی لە میسری کۆندا لە سەر بنەمای ئایین بوو. ئایینیش زادەی پەرەسەندنە شارستانی و مادییەکان بوو. بە پلەی یەکەمیش هۆکاری ئابووری ئاراستەی کردووە. بۆیە، هاندان بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری و دروستکردنی خێزان بە پلەی یەکەم بۆ خستنەوەی منداڵ بوو، بە تایبەت ڕەگەزی نێر، کە دەستیکارە و جێگرەوەی باوکیەتی. ئیتر ئاشکرایە، لایەنی ئابووری کاریگەریی گەورەی لە سەر خودی تاکەکان و چینەکانی کۆمەڵگە جێهێشتووە. جگە لەمەش، کارکردن بۆ جیهانی تر وایکردووە ڕەفتاری دروست بنوێنن، هەوڵبدەن دادپەروەر و پاک و ڕاستگۆبن.

کاتێک لە سەردەمی ڕاگوزەری یەکەم (2160–2055 پ.ز) شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەرپابوو، هۆکارەکەی لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی بوو. لە ئەنجامدا، بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک، کۆمەڵگەی میسری تووشی دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی و ئاڵۆزیی هەرێمەکان بوو، ئەمەش ڕێگە

خۆشکەر بوو بۆ هاتنی خەڵکی بیانی بۆ ناو میسر (کوتیر، 1993: 87). بۆیە، هەندێکجار دەبینرێت، ئەم کۆمەڵگەیە لە ڕووی پەیوەندیی ناشەرعی و فرەژنییەوە ڕووبەڕووی کێشە و ئاڵۆزیی سیاسی بۆتەوە، کە لێکەوتەی خراپی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبووە، وەکو ئامۆژگاریەکانی ئەمنمحاتی یەکەم (1991–1962پ.ز) بۆ سنوسرتی یەکەمی کوڕی (1962–1926 پ.ز)، کە بەرهەمی ئەدەبی زادەی ئەو بارودۆخەن (اسماعیل، 2016: 241–243).

دەردەکەویت، بەرهەمی ئەدەبی دانایی میسری کۆن وێنەیەکی ڕاستگۆ و ڕاستەقینەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژیانی تاکی ئەو وڵاتە نیشاندەدات، کەوا چۆن گۆڕان لە بارودۆخی سیاسی، و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ناشەرعیەکانی ناو کۆشکی شاهانەی ئەو وڵاتە، بوونەتە هۆکاری لە دایکبوونی بەرهەمێکی ئەدەبی لەم جۆرە، کە وێنەیەکی دانسقەی پڕوپاگەندەی سیاسی فەرمانڕەوایانی ئەو قۆناغە مێژووییە دەخاتەڕوو.

ئەمانە بوونە هۆی ڕوودانی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لەم کۆمەڵگەیەدا، لە لایەکەوە بە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی، کە خۆی لە خودی فیرعەون و دەسەڵاتە ناوەندییەکەیدا دەبینێتەوە، لە لایەکی ترەوە، هاتنی خەڵکی بیانی بۆ ئەو وڵاتە و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و لەدەستدانی دەسەڵات لە لایەن چینی خانەدانەکان و سەرکەوتنی چینی خواروو لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، کە بوونەتە هۆکاری گۆڕانکاری لە پێگەی کۆمەڵایەتی چینە جیاوازەکان.

6- هزری-ڕۆشنبیری: فێرکردن لە میسری کۆن پێویستییەک بوو لە پێویستییەکانی ژیان. لە ڕووی گرنگییەوە لە دوای خواردن و خواردنەوە دێت، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت پارێزگاری لە بەهاکانی پەروەردە و ڕۆشنبیری بکرێت. هەروەها پارێزگاری لە بیروباوەڕە میراتییەکان و زانست و ئەدەب و سیاسییەکان بە درێژایی چاخەکان دەکات. بۆیە، میسرییە کۆنەکان پێگەیەکی بەرزیان بە فێرکردن داوە، چونکە وایان دەبینی، کە سنورێکی جیاکەرەوە لە نێوان چینی دەسەڵاتدار و خەڵکدا هەیە (جمیل، 2019: 73). بەڵام تەنیا خێزانەکانی چینی باڵا لە توانیاندا بوو

منداڵەکانیان بنێرنە خوێندنگە. منداڵەکانی فیرعەون فێرکردن و ڕاهێنانیان لە کۆشکدا وەردەگرت. هەرچی منداڵانی تری چینی باڵابوون، دەرفەتی ئەوەیان هەبوو منداڵەکانیان بنێرنە خوێندنگەی پەرستگە، کە لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە لە سەر دەستی کاهینەکان فێری ئایین، ئەدەبی ڕەفتار، ئەمینداری، خوێندنەوە، نوسین، ژمێرە، مێژوو و جوگرافیا دەبوون (مرسي، 2015: 97).

بەڵگە کردارییەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە دەوڵەتی کۆندا زۆر کەمن، لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک دەقی نائایینی دۆزراونەتەوە، دەکرێت کەمێک لە ڕێگەی ئەم دەقانەوە بەم پرۆسەیە ئاشنابین. بەڵام دوو بەڵگە هەن وەڵامی چوارچێوەیەکی مەزنتر و گرنگتری پرسیارەکان بدەنەوە دەربارەی ئەم بوارە، کە بریتین لە دەقی ئامۆژگارییەکانی دانا پتاح حوتپ و دانا کاگمنی (برونر، 2011: 33).

تێبینی ئەوە دەکرێت، دەربارەی ڕەفتاری تاکەکەسی، نوسەرانی میسری کۆن بە ئامۆژگاری گوزارشتیان لە هزر و بیریان دەکرد (شورتر، 1997: 83). بۆ نمونە، گشت نوسەرانی دەوڵەتی کۆن لایەنگری ئەدەبی فێرکاری و وتاری بوون، بەڵام لەگەڵ ڕووخانی دەوڵەتی کۆندا بارودۆخ گۆڕا. سەردەمی ڕاگوزەری یەکەم هات، کە لەگەڵ خۆیدا هەژاری و نەمانی ئاسایشی هێنا. بە جۆرێک کە پشێوی و ململانێ کۆمەڵگەی میسری گرتەوە، ئەمەش لە ئەدەبدا ڕەنگی دایەوە. وەکو ئامۆژگارییەکانی ئەمنحاتی یەکەم بۆ سنوسرتی یەکەمی کوڕی، بەم شێوەیە جۆرەکانی ئەدەب زیادیانکرد. ئەدەبی وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و مشتومڕی فەلسەفی و وتاری سکاڵاکاری و ڕەخنەگرتن و وەسیەتنامەی شاهانە و پێشبینی و هیتر دەرکەوتن، بەڵام ئاوازی باو بریتی بوو لە گازاندە و گلەییکردن (مامو، 2011: 416)، وەکو ئامۆژگارییەکانی حستب-ڕەع، کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایەتی فیرعەون ئەمنحاتی سێیەم(1844-1802 پ.ز) دەگەڕێتەوە (حسن، 2019، 238).

لە کۆتایی سەردەمی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی دوانزدەهەمدا (دەوروبەری 1991–1778 پ.ز)، پێشکەوتنی زۆر لە خەتی هیرۆگلیفیدا بەدیهات، ئەمەش بەو واتایە دێت، میسرییە کۆنەکان درکیان بە گرنگی وشەی نوسراو و تێگەیشتنیان لە کاریگەرییەکەی بە سەر هزری خەڵکیدا کردووە، لەو کاتە بەدواوە، نوسەر لەم وڵاتەدا پێگەیەکی گرنگی لە کۆمەڵگەدا دەستەبەرکردووە. ئیتر گەورە پیاوانی دەوڵەتیش نازناوی نوسەریان هەڵگرتووە (مامو، 2011: 395). هەرچی سەردەمی عەممارنەیە، زمانی جەماوەری بڵاوبووەوە، شوێنی زمانی سەردەمی دەوڵەتی ناوەڕاستی گرتەوە، لە ئەنجامی ئەم پێشکەوتنەدا، زمانێکی نوسراوی نوێ دەرکەوت، کە پێی دەوترێت زمانی میسری نوێ یاخود درەنگ (مهران، 1989: 12).

یەکێک لەو نمونانەی کە سەروەریی ڕۆشنبیریی میسری دەخاتەڕوو، بریتییە لە ئامۆژگاریەکانی دانا ئانی، کە بۆ سەردەمی بنەماڵەی بیست و یەک یان بیست و دووەمی فەرمانڕەوای میسر دەگەڕێتەوە، کە بۆتە هۆکاری فێربوونی زمانی میسری کۆن لە لایەن کۆیلەکان و دانیشتووانی سوریای کۆنەوە (شاهین، 2000: 17).

تەوەرەی دووەم: ڕوخسارە ئەدەبیەکانی ئەدەبی دانایی و پەند و ئامۆژگاری لە میسری کۆن

ئەدەبی کۆنی میسر، یەکێکە لە کۆنترین ئەدەبەکانی جیهان، بە ڕەسەنایەتی دەناسرێتەوە، لە سەر خاکی میسر لە لایەن خەڵکەکەیەوە نوسراوە، بە هۆی بارودۆخی ئەو گەلە پەیدابووە، گوزارشتیان لە هەستەکانیان کردووە، لەبەر دێرینیەکەی بۆتە بنچینە بۆ ئەدەبی بەشێک لە گەلانی کۆن، کاریگەریشی لە سەر ئەدەبی جوولەکە و گریکی جێهێشتووە (أديب، 2000: 55).

لە سەرەتادا، ئەدەبی ئەو وڵاتە کارێکی واقیعی بوو، لە ڕووی دەربڕینەوە زیاتر ورد و سادە بوو، دوور بوو لە چاککردن، بەڵام بە هۆی گەشەکردنی بارودۆخی سیاسییەوە گۆڕانکاری بە سەر شێوازەکانیدا هات، تا وای لێهات سنورێکی جیاکراوە لە سەردەمە جیاوازەکان بۆ جۆرەکانی ئەدەب دابنرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی وڵاتدا، وەکو

ئارەزووی یەکبوون و هەڵگیرساندنی شۆڕش بۆ ڕزگار بوون لە داگیرکەر. ئەمە کاری کردۆتە سەر داهێنانی ئەدەبی (مهران، 1989: 9)، بە جۆرێک کەوا ئەدەب و فەلسەفەی ئەو وڵاتە خاوەن سروشتی ئایینی بوون، چونکە لە سەردەمە کۆنەکاندا، ئایین هێزی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتدار بوو، بە نزیکەیی کاریگەری ئایین بە سەر گشت بوارەکاندا ڕەنگی داوەتەوە (Okon, 2012 : 93).

دەکرێت ڕواڵەتەکانی ئەم جۆرە ئەدەبە لەم خاڵانەدا بخرینەڕوو:

1--پێدانی ئامۆژگاری: ئەدەبی دانایی لە میسری کۆندا، بەوە دەناسرێتەوە کە بریتییە لە پێدانی ئامۆژگاری لە شێوەی ڕێنمایی بۆ کەسی وەرگر، کە لە لایەن دانایەک یاخود کەسێکی پلە باڵاوە دەردەکرێت، وەکو پاشاکان. ناوەڕۆکەکانیان دەربارەی چۆنیەتی ژیانکردنە، ئەمەش لە پێناوی ئەزموون و سەقامگیری و دەستکەوت. ئەم جۆرە ڕێنماییانە لە شێوەی دارشتنێکی فەلسەفییەوە نا، بەڵکو لە شێوەی ئەزموونی ژیانەوە هاتوون، کە بەرپرسێک یاخود کەسێکی ئاسایی بەشدار بووە تیایاندا، ئامانج لێیان ئاراستەکردنی کەسەکەیە، بە تایبەتی گەنج، تاوەکو ڕێزێکی مەزن بەدەستبهێنێت، هەروەها دەکرێت گونجاویش بێت بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرنجڕاکێش، کە ڕەنگە پاشا یاخود بەرپرسان ئارەزوو بکەن بەدەستیبهێنن (Louis, 2008: 119).

بەڵگە کردارییەکانی پەروەردە و فێرکردن لە سەردەمی دەوڵەتی کۆندا زۆر کەمن، لەو سەردەمەدا چەند نمونەیەکی کەمی ئەو دەقانە دۆزراونەتەوە، کە ئاشنامان دەکەن بە پەروەردە و فێرکردن، ئەوانیش بریتین لە ئامۆژگارییەکانی دانا پتاح حۆتپ و دانا کاگمنی، لەو دەقانەدا دەردەکەوێت، کە میسرییە کۆنەکان وشەی کوڕیان بۆ خوێندکار بەکارهێناوە، ئەمەش لای زۆرێک لە گەلان بوونی هەیە، مەبەست لێی پێدانی شارەزاییە و ئامادەکردنیەتی بۆ دواتر، تاوەکو ببێتە فەرمانبەرێکی مەزن لە تەمەنی داهاتوویدا (برونر، 2011: 33–34). بەڵام لە سەردەمی دەوڵەتی نوێدا، هەندێک کۆمەڵە نامە و ڕاپۆرت لە فێرکردنی نوسەراندا بەکارهاتوون. هەروەها هەڵبژاردە لە جۆری ئەدەبی پەروەردەکاریدا بۆ هاندانی خوێندکاران لە خوێندنگەکاندا بەکارهاتوونە

(نورالدين، 2003: 9). ئەم دەقانە جەخت لە سەر ئەو بنەمايانە دەكەنەوە، كە پێويستە پياوی چاك بە شانازييەوە ئەنجاميان بدات، تاوەكو لە ئەنجامدا سوودەكانی ئەم كارە بەدەستبهێنێت، هەروەها لە گشت ساتەكاندا چاكە پاداشتی هەيە و خراپەكارانيش بەردەوام سزا دەدرێن (Juan, 2014: 1).

دەقەكانی ئامۆژگارييەكانی ئەم دوو دانايەی سەردەمی دەوڵەتی كۆن، كۆمەڵە ئامۆژگاريەكن لە باوكی وەزيرەوە بۆ كورە جێنشينەكانيان، چونكە مەبەستی سەرەكی فێربوونی خوێندن لەو وڵاتەدا، بە پلەی يەكەم بۆ بەدەستهێنانی پلەی وەزيفی بووە، جگە لەمەش بە شێوەيەكی گشتی لەو سەردەمەدا باوكيان پيشەكانيان بە ميرات بە كورەكانيان دەبەخشی. واتە، كورەكانيان فێری هەمان پيشەی خۆيان دەكرد.

2-گۆڕانكاريی زمانەوانی: بەر لە سەردەمی عەممارنە، دەقە ئەدەبييەكان بە زمانی كلاسيكی(ميسری ناوەڕاست) دەنوسران، كە بريتييە لە زمانی جەماوەری، ئەم زمانە لە سەرەتای دەوڵەتی ناوەڕاستەوە بەكاردەهات، كە لە زمانی ميسری كۆنەوە گەشەيكردووە، واتە، زمانی بەكارهاتووی دەوڵەتی كۆنە، لە ساڵی (1450 پ.ز) و ڕاستەوخۆ بەر لە ڕووداني شۆڕشی گردی عەممارنە، دەقە نوسراوەكانی بە زمانی ئاخاوتن زۆر نزيک بوون لە زمانی سەردەمی دەوڵەتی كۆن، لە هەمانكاتدا زۆر دوور بوو لە زمانی دەربڕينی ئەو سەردەمە، بۆيە بە لێكۆڵينەوەی ورد لە زمانی دەوڵەتی نوێ، كە بەر لە ساڵی (1450 پ.ز)دا بەكارهاتووە، ئەوە دەردەخات تووشی گۆڕانكاری هاتووە، لەوانەيە بە هۆی پاڵەپەستۆكانی زمانی دەربڕينەوە هاتبێتەدی. بەڵام ئەم گۆڕانكاريانە لە چەندين جۆر تۆماری ئەدەبی ميسری كۆندا ڕەنگياندداوەتەوە، كە بە سروشتی خۆی نزيكترە لە زمانی جەماوەريەوە (Orly, 1992: 447-448).

ئەمە دەری دەخات، کە چۆن ڕووداوە سیاسییەکان بوونەتە هۆی گۆڕانکاری زمانەوانی و ئەدەبی لەو وڵاتەدا، بە تایبەت هاتنی خەڵکی بیانی بۆ ناو میسری کۆن لە لایەک و فراوانخوازییەکانی دەوڵەتی میسری نوێ لە دەرەوەی سنوورەکانیدا، وایکردووە ئەم گۆڕانکارییانە ڕووبدەن، کە خۆی لە هاتنی وشەی بیانی و گۆڕان لە گوزارشتەکاندا دەبینێتەوە.

3-شێوان و ناکامڵی پەند و ئامۆژگاریەکان: ڕاستیەک لەبارەی پەند و ئامۆژگارییەکانی میسری کۆن بەدیدەکرێت، کە بەشێکیان ناتەواو و ناکامڵن، بە جۆرێک کە ڕستەکان لە هەندێک بابەتدا ناتەواو و شێویندراون، لە ئەنجامدا کاری کردۆتەسەر وەرگێڕانەکانی توێژەران، ئەمەش بۆ کاری شێواندن دەگەڕێتەوە، کە لە لایەن خوێندکارانەوە بە هۆی نەزانییەوە ئەنجامدراوە ( Chahbi, 2023: 364).

ڕەنگە ئەگەر بهاتایە گشت دەقە ئەدەبیەکانی دانایی کامڵ بوونایە و ڕوون و دیاربوونایە، بتوانرایە بخوێندرێنەوە، ئەوا هەم وەرگێڕانەکان و شیکردنەوەیان، هەمیش گۆڕانکاری لە زیادەی بابەتەکان بەدیبهاتایە، کە لە ئەنجامدا ئەدەبی دانایی ئەو وڵاتەی دەوڵەمەندتر و ڕوونتر دەکرد.

4-ڕەنگدانەوەی دژبەیەکی کەسایەتی لە دەقەکاندا: یەکێک لە ڕواڵەتەکانی ئەدەبی دانایی ئەم وڵاتە، بریتییە لە دابەشکردنی مرۆڤایەتی بۆ دوو چینی دژ بە یەک. واتە، دووانەیی دژ بەیەک، وەکو پیاوی تورە و بێدەنگ، دانا و گێل و بروادار و خراپەکار. لای میسرییە کۆنەکان کەسی تێگەیشتوو و دانا، ئەو کەسەبوو، کە خاوەن کەسایەتییەکی سادە و خاکەرایی بوو، لە ڕەفتارەکانیدا مامناوەند بوو، لە گفتوگۆ و پۆزشەکانیدا سنوربەندیی هەبوو، جگە لەمانەش ڕاستگۆ و باش بوو لەگەڵ هاوڕێ پیاوەکانیدا، دڵسۆزیش بوو بۆ خوداوەندەکان. هەرچی دژەکەیەتی، ئەوا پیاوێکی سروشت توندە، بە ئاسانی کێشە دەنێتەوە و هاوار دەکات و دەنگ بەرزدەکاتەوە. هەروەها پڕوپاگەندە بڵاودەکاتەوە و نکوڵی لە بوونی خوداوەندەکان دەکات ( Nili, 2018: 245-256 ).

ئەگەر سەرنج بخرێتەسەر بنچینەی شارستانیەتی میسری کۆن، کە لە سەر ماعتیەت و ئیسفیەت دامەزراوە، کە خۆی لە خوداوەندی دانایی ماعت و دژەکەی ئیسفتدا دەبینێتەوە، ئەوا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە بۆچی کەسایەتیەکانی ناو ئەم دەقە ئەدەبیانە بەو شێوە دووانەییە ڕەنگدانەوەی هەبووە، وەک پێشتر ئاماژەی پێدراوە، ئایین زۆرترین کاریگەری بە سەر تاکی ئەو وڵاتەوە هەبووە، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ڕادەی ئەو کاریگەرییە.

5-گرێدانی ئەدەب و ڕەوانبێژی بە سیاسەتەوە: هەندێک لە دەقە ئەدەبیەکانی دانایی، ڕواڵەتی ستایش و پێداهەڵدانی پاشایانیان وەرگرتبوو، کە ڕواڵەتی ئەدەبی سەردەمی دەوڵەتی ناوەڕاست بوون (1650-2030 پ.ز)، جۆرێک بوو لە گرێدانی ئەدەب و ڕەوانبێژی بە سیاسەتەوە. ئەم دەقانە ڕەهەندی سیاسییان هەبوو، وەکو پرۆپاگەندەی سیاسی وابوون بۆ خزمەتی پاشاکان. دوای سەردەمی دەوڵەتی ناوەڕاست، ئەم جۆرە ئەدەبە لە وڵاتی میسری کۆندا نەما (أسمان، 2005: 138). بۆیە، تێبینی دەکرێت گۆڕانکاری سیاسی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی سەردەمی شۆڕشی یەکەمی کۆمەڵایەتی، کاریگەری ڕوونی بە سەر ئەدەبدا جێهێشت بێت، کە بووە هۆکاری دەرکەوتنی جۆرێکی نوێ لە ئەدەب، کە بە ئەدەبی ڕەخنە و سیاسەت ناسراوە (مهران، 1989: 10-11)، کە خۆی لە بەرهەمی ئەدەبی دانایی سیاسی ناسراو بە ئامۆژگارییەکانی ئەمنمحاتی یەکەم بۆ سنوسرتی یەکەمی کوڕی دا دەبینێتەوە (حسن، 2019: 219).

6-دیاردەی گوزارشتە چاککراوەکان: ئەدەبی سەردەمی دەوڵەتی کۆن بە بڵاوبوونەوەی دیاردەی گوزراشتە چاککراوەکان دەناسرێتەوە. نوسەرانی میسری کۆن گرنگییان بە ڕازاندنەوە و هەمەڕەنگکردنی دەربڕین داوە، هەروەها بایەخیان بە لایەنی واتاسازی دەدا. بۆیە بەم شێوەیە بایەخدانیان بە دووبارەکردنەوەی وتەکان و ڕازاندنەوەیان، وایکردووە نوسینەکانیان بە بەهای قووڵ بنوسن. پێدەچێت بەشێک لە ئەدەبی ئەو سەردەمە لەناوچوو بێت. تەنیا پەرتووکی پەند و ئامۆژگارییەکانی خوێندنگە و پێشبینییەکان دۆزراونەتەوە. هەرچی جۆرەکانی تری ئەدەبە، ئەوا

ژمارەیەکی کەمی بێبایەخی دۆزراوەتەوە (حسن، 2019: 30). ئەدەب بەر لە سەردەمی دەوڵەتی نوێ، کە سەردەمی تێکۆشانی ئەدەبی بوو، گەیشتە لوتکە، بە جۆرێک نمونەیەک بوو جێگای پیاهەڵدان و ستایش بوو لە گشت سەردەمەکان، پاشان ڕوویکردە چاککردنی گوزارشتەکان. ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی هێزی خۆی لەدەستبدات، و بەفیڕۆ بدرێت (مهران، 1989: 9-10). هەر لەو سەردەمەدا، زمانی هونەری پەردەی بە سەردا درا. وایلێهات هیچ کەسێک لێی تێنەدەگەیشت، تاوەکو سەردەمی پاشا ئەخناتون (1367-1350- پ.ز) و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئایینی، خەڵکی هۆنراوەیان بە زمانی جەماوەر پەسند دەنوسی، سیستەمی نوسین جێگیر بوو و مایەوە. لە سەردەمی بنەماڵەی نۆزدەهەم (1292-1189پ.ز) و بیستەم (1189-1077پ.ز)دا ئەدەبێکی بەهێز دەرکەوت، کە بەم زمانە نوێیە نوسراوە، کاریگەری خوێندنگاکان لە سەردەمی زمانی نوێی میسریدا هەر مایەوە، بەڵام شێوازەکانی ژیانی کردەبەری. واتە، وشەی نوێی بیانیان تیادا بەکارهێنا، بەڕادەی خۆشەویستی و چێژوەرگرتنیان لە ژیان. میسرییەکان ئاشق و ئاڵوودەی ئەم زمانە نوێیە بوون. ئەدەبی ئەم سەردەمە نوێیە، خاڵی بوو لە بیری قووڵ و لێکۆڵینەوەی هزر. بەڵام هەژموونی میسری نوێ بە سەر ئەدەبدا درێژەی نەکێشا، بیر و سۆزی ئەدیبەکان گەڕایەوە سەر سەردەمی کۆن و ناوەڕاست، وایلێهات پاکترین شێوازیان بۆ گوزارشتکردن بەکاردەهێنا، لەوانەشە بە گوزارشت پیان ڕازێندبێتەوە، ئەمەش وەکو پێناو و شێوازێک بۆ دەرخستنی توانا ئەدەبییەکانیان. بەم شێوەیە، ئەدیبەکان بۆ ماوەی پێنج سەدە لە سەر ئەم ڕێچکەیە بەردەوام بوون لە ڕێکوپێککردنی زمان، دواتر بارودۆخ گۆڕا، وایلێهات خوێندکاران وەکو بابەتێکی نامۆ بەلایانەوە فێری دەبوون. ئیتر هاوتەریب لەگەڵ لاوازی سیاسیی میسری، ئەستێرەی ئەدەبیش بەرەو ئاوابوون ڕۆیشت (حسن، 2019: 31-32).

7-شێواندنی دەقەکان لە لایەن خوێندکارانەوە: یەکێکی تر لە ڕواڵەتەکانی ئەم ئەدەبە، ئەوەیە ئەم دەقانە لە لایەن خوێندکارانەوە دووچاری شێوان هاتوونە، ئەمە بۆیە ڕوویداوە لە کاتی نوسین

و لەبەرگرتنەوەی ئامۆژگارییەکاندا لێی تێنەگەیشتوون و بەلایانەوە گران بووە، ئەمەش بە هۆی لەخۆگرتنی زمانی کۆنەوە ڕوویداوە، ئیتر بۆئەوەی لێی تێبگەن، هەوڵیانداوە دەستکاری بکەن، هەتا ئەگەر ئەمە ببێتە هۆی لەدەستدانی واتاکەشی (حسن، 2019: 44).

ئەمە دەری دەخات، ئەو زمانەی ئەدەبی دانایی ئەو وڵاتەی پێ تۆمارکراوە، لە کاتی لەبەرگرتنەوە و خوێندنیدا لە خوێندنگاکان لە سەردەمی دەوڵەتی نوێدا (دەوروبەری1570-1069 پ.ز) باوی نەماوە و بەلای خوێندکاران و نوسەرانەوە نامۆ بووە، بۆیە دەقەکان تووشی ئەم شێواندنە هاتوون.

ئەنجام

1-ژینگەی میسری کۆن کاریگەری بەهێزی لە سەر هزر و بیرکردنەوەی تاکی ئەو وڵاتە داناوە، بە جۆرێک، کەوا هزری ئایینی و سۆز و ئەندێشە و خۆشی و سەرکەوتنەکان ڕەنگدانەوەی ئەم ژینگەیەن، بۆیە تێبینی دەکرێت، بەرهەمە ئەدەبییەکان بەگشتی و بەرهەمە ئەدەبییەکانی دانایی ئەو وڵاتە زادەی ئەو کاریگەریەن، کە خۆی لە ئامۆژگاری و گفتوگۆ و مشتومڕی سیاسی و ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا دەبینێتەوە.

2-ئایین کاریگەری بەهێزی لە سەر کۆمەڵگەی میسریدا جێهێشتووە، بە ڕادەی ئەوەی، کەوا زۆرینەی ئامۆژگاری و پەند و داناییەکان لە ئایینەوە سەرچاوەیان گرتووە، وەکو کاریگەری بەهێزی خوداوەندی دانایی بە سەر ڕەفتارە ئاکارییەکان و دوورکەوتنەوە لە هەڵسوکەوتە خراپ و نابەجێییەکان لە لایەن تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەوە.

3-هۆکارە سیاسی و ئابوورییەکان هەمیشە ڕۆڵی مەزن دەبینن لە سەر ڕەوتی ژیانی تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، لەم سۆنگەیەوە، تاکی میسری کۆن بەدەر نەبووە لە کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم بارودۆخانە، خستنەڕووی سۆز و دەستکەوت و ئازارەکانی لە ڕێگەی ئەدەبی داناییەوە، تاوەکو ئەزموونەکانی ژیانکردن نیشانی نەوەکانی داهاتوو بدات، ئەمەش لە پێناو ژیانێکی باشتر.

4-پیدانی ئامۆژگاری یەکێک بووە لە سیفەتە دیارەکانی کۆمەڵگەی میسری کۆن و ئامادەکردنی فەرمانبەر بۆ پلە وەزیفییەکانی دەوڵەت، یەکێک بووە لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم کارە. هەروەها پشتاوپشتی پیشەزانییەکان ڕوخسارێکی دیاری ئەم کۆمەڵگەیە بووە.

5-بە هۆی گۆڕان لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و فراوانخوازی و داگیرکارییەکان لە میسری کۆندا، گۆڕانکاری شێوازەکانی نوسین و زمانەوانیش ڕوویانداوە، کە وایکردووە هەر قۆناغێکی مێژوویی بە گوزارشتی ئەدەبی جیاواز و نوسینی جیاواز جیابکرێنەوە لە یەکتر، لە لایەکی تریشەوە لە پرۆسەی پەروەردەی ئەم وڵاتەدا ئەدەبی دانایی لە پرۆگرامەکانی خوێندنگەدا خوێندراون، بەڵام بە هۆی تێنەگەیشتن لە زمانەکەوە، دەقەکان تووشی شێواندن بوونەوە لە لایەن خوێندکارانەوە.

لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

-حمه شیرین، دڵگەش ابراهیم(2024)، ژنە کاهینەکان لە میسۆپۆتامیا و میسری کۆن، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

- أديب، سمير (2000)، موسوعة الحضارة المصرية القديمة، العربي للنشر و التوزيع، الطبعة الأولى، القاهرة.
- أسماعيل، منار مصطفى محمد (2016)، مظاهر الخيانة في مصر القديمة، مجلة مركز الدراسات البردية و النقوش، جامعة عين الشمس.
- برونر، هيلموت (2011)، التربية و التعليم عند المصريين القدماء، ترجمة مصطفى عبد الباسط، مركز القومي للترجمة، المطابع الأميرية، الطبعة الأولى، القاهرة.
- بكر، أحمد صلاح محمد الشاذلي (2023)، الكذب من خلا النصوص المصرية القديمة، مجلة الأتحاد العام للأثاريين العرب، المجلد 24، العدد 2، القاهرة.

- توفيق، عماد طارق (2024)، مفهوم الحكم و الدولة في التاريخ القديم بلاد الرافدين و مصر القديمة أنموذجا، مجلة الأداب، جامعة بغداد.
- جاردنر، الن (1973)، مصر الفراعنة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ترجمة ميخائيل نجيب ابراهيم، القاهرة.
- جريمال، نيقولا(1993)، تاريخ مصر القديمة، ترجمة ماهر جويجاتي، دار الفكر، القاهرة.
- جميل، هيڤي صبري (2019)، العادات و التقاليد في مصر القديمة، اطروحة دكتوراه، جامعة دهوك.
- حسن، سليم(2019)، موسوعة مصر القديمة، الجزء السابع عشر، مؤسسة الهنداوي(ب.م).
- حمه شيرين، دلّگەش ابراهيم (2014)، الألهة ماعت منذ أقدم العصور حتى بداية عصر الدولة الحديثة، جامعة الأسكندرية.
- دوما، فرانسوا (1998)، حضارة مصر الفرعونية، ترجمة ماهر جويجاتي، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة.
- الريشاني، مأمون محمد (2021)، القيم الأخلاقية في مصر القديمة(3200-332 ق.م)، رسالة ماجستير، جامعة دمشق.
- سليمان، ايناس ممدوح محمد محمد (2021)، المشاركة السياسية للمرأة المصرية القديمة، مجلة العلوم القانونية و الأقتصادية، ج 63، العدد 2، جامعة المنصورة.
- شاهين، علاءالدين عبدالمحسن (2000)، رؤية مصر لجيرانها في الشرق الادنى من واقع النصوص المصرية القديمة، مجلة المؤرخ العربي، العدد الثامن، المجلد الأول، القاهرة.
- شهبي، سمية (2020-2021)، نظام الأسرة المصرية في عهد الفرعوني، أطروحة دكتوراه، جامعة أبوظبي.
- شورتر، الن (1997)، الحياة اليومية في مصر القديمة، ترجمة نجيب ميخائيل ابراهيم، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
- صالح، عبدالعزيز (1988)، الأسرة المصرية في عصورها القديمة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
- صالح، عبدالعزيز (2012)، الشرق الادنى القديم، مكتبة أنجلو المصرية، القاهرة.
- عبدالحليم، نبيله محمد (1998)، معالم التاريخ الحضاري و السياسي في مصر الفرعونية، دار المعارف، الأسكندرية.
- -عبده، رمضان محمد (2001)، تاريخ مصر القديم، الجزء الأول، دار النهضة، القاهرة.

- علي، رمضان عبده (2020)، حضارة مصر الفرعونية منذ أقدم العصور حتى نهاية عصور الأسرات الوطنية، الجزء الأول، القاهرة.
- علي، علي عبدالحليم (2018)، مفهوم الشر في مصر القديمة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
- العنزي، محمود عليوي جلاوي (2015)، أثر البيئة الطبيعية في الأفكار و المعتقدات الدينية لحضارة وادي النيل، جامعة واسط.
- عوض، وليد محمد السيد (2024)، العدالة كغاية للقانون في الحضارة المصرية القديمة، مجلة العلوم القانونية و الأقتصادية، العدد الثاني، السنة السادسة و الستون، جامعة عين الشمس.
- فرانسواز، دونان، كوش ، كريستيان زيڤي (1997)، الألهة و الناس في مصر من 300 ق.م الى 395 ميلاد، ترجمة فريد بوري، دار الفكر، الطبعة الأولى، القاهرة.
- مامو، عدنان (2011)، موسوعة الحضارات القديمة(الميسرة)، مجموعة من المختصين، دار النفائس، الطبعة الأولى، بيروت.
- مانسينى، أنا (2009)، ماعت فلسفة العدالة في مصر القديمة، ترجمة محمد رفعت عواد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، طبعة الأولى، القاهرة.
- محمد، ثناء عبدالرشيد (2012)، الفكر السياسي في مصر القديمة، كلية الأداب، جامعة جنوب وادي القنا.
- محمود، بهاءالدين ابراهيم(2001)، المعبد في الدولة الحديثة في مصر الفرعونية تنظيمه الاداري و دوره السياسي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
- مرسي، نجلاء محمد جابر (2015)، المكتبات عند القدماء المصريين، دار الوفاء، الطبعة الأولى، الأسكندرية.
- مهران، محمد بيومي (1989)، الحضارة المصرية القديمة، الأداب و العلوم, الجزء الأول، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية. كوتير، جان ڤيز (1993)، مصر القديمة، ترجمة ماهر جويجاتي، دار الفكر، الطبعة الأولى، القاهرة.
- م____________ (2008)، تاريخ السياسي و الحضاري لمصر الفرعونية، الخليج العربي للطباعة و النشر، طبعة الأولى، جامعة القاهرة.
- م_____________ (1993)، مصر و الشرق الادنى القديم منذ قيام الملكية حتى قيام الدولة الحديثة، الجزء الثاني، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية.
- هيرودوت (1966)، هيرودوت يتحدث عن مصر، ترجمة محمد صقرى خفاجه، دار القلم، دبي.

- يونس، وسناء حسون (2010)، أهم الخصائص الجغرافية لمصر القديمة، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية, المجلد 17, العدد 9، جامعة تكريت.

سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

- Baines, John, Malek, Jarmoir (2000), Cultural Atlas of Ancient Egypt, Andromeda Oxford Limited for Revised Edition.
- Blair. Akeefa (2017), The Moral Values Reflected in Ancient Egyptian Literary Texts, Maqurie University.
- Buzov. Emil (2015), Notes on Egyptian Wisdom Texts, The Journal of Egyptology, Bulgarian Institute, IV, University of Sofia.
- Chahbi. Soumia (2023), Family Values in Ancient Egypt Thought Psychology and Education Journal, Turkey.
- Champion. Timothy (2003), Ucko Peter., The Wisdom of Egypt: Changing Visions Through The Ages, Chapter 1, London.
- Frankfort. Henry (1961), Ancient Egyptian Religion, Harper and Row Publisher, First Edition, New York.
- James. Ferguson. R (2016),The Ancient Egyptian of Maat: Reflections and Social Justice and Natural Order, Centre for East-West Cultural and Economic Studies, No. 15. Bond University.
- Juan. J. Castillos (2014), Ancient Egyptian Philosophy, Uruguayan Institute of Egyptology.

- Kasia. Szpakowska (2010), Religion and Society A Campanian to Ancient Egypt , Blackwell LTD Publisher, Vol 2. Oxford.
- Louis. L. Ortin (2008), Life and Thought in Ancient Near East, University of Michigan.
- Nili. Shupak (2018), Positive and Negative Human Types in The Egyptian Wisdom Literature.
- Okon. Etime (2012), Religion and Politics in Ancient Egypt, American Journal of Social and Management, University of Calabar, Nigeria.
- Orly. Goldwasser (1992), Literary Late Egyptian as a Poly System, Poetics Today, Jerusalem.
- Simpson. W. K(2003), The literature of Ancient Egypt, New Haven, 3rd Edition, London.

## السمات الأدبية للأمثال و المواعظ و أدب الحكمة و عوامل ظهورها في مصر القديمة

(دراسة وصفية تحليلية)

1- صلاح الدين باقي حسين

2- الأستاذ الدكتور عماد عبدالقادر محمد سعيد

1- قسم الدراسات الاستراتيجية التاريخية والأثرية والثقافية، كلية الآداب، جامعة سوران، سوران، إقليم كوردستان، العراق.

2- قسم التاريخ، جامعة رابرين، رانية، كلية العلوم الإنسانية، إقليم كوردستان، العراق.

المستخلص:

تُعدّ الحضارة المصرية القديمة إحدى أقدم الحضارات في العالم، لا سيما في مجال تدوين الأعمال الأدبية، والمتمثلة بتراث ثقافي غني يدور حول أدب الحكمة والوعظ والتي أصبحت مصدرًا تاريخيًا قيّمًا. وقد برز الكثير من الأدباء ممن دونوا نصائحهم وعظاتهم مخلدين أسماءهم عبر التاريخ. وقد استلهم هذا النوع من الأدب مادته من التراث الديني كَمَعين رئيسي، فكان له الأثر الكبير على توجهات وسلوك الناس في المجتمع المصري على مختلف أنماطهم وطبقاتهم الدينية والسياسية والإدارية والاجتماعية. لقد تحول هذا النوع من الأدب إلى مرجعية ثقافية تنهل منه الأجيال المتعاقبة في إطار إدارة المجتمع والبلاد، كلٌّ حسب دوره ومكانته.

تسلط هذه الدراسة الضوء على الظروف والعوامل التي مهدت لظهور أدب الحكمة والوعظ في مصر القديمة، وذلك باعتماد المنهج الوصفي والتحليلي. ويبدو أن الظروف البيئية والفكرية والثقافية المتنوعة قد أسفرت عن تعدد الأشكال الأدبية وظهورها في صيغ مختلفة.

تحاول هذه الدراسة تأطير العوامل والظواهر المختلفة ضمن عناوين محددة تشمل الجوانب الجغرافية والدينية والسياسية والاقتصادية والاجتماعية والثقافية، والعديد من الظواهر الأخرى. هذه العوامل هي التي جعلت هذا النوع من الأدب يظهر وينمو ويتطور في مصر القديمة. ويظهر هذا كله مدى تجاوب أفراد المجتمع المصري مع البيئة والدين والظروف المحيطة الأخرى . ولابد من الإشارة إلى تفرد أدب الحكمة في مصر عما سواه من دول المنطقة بعدد من السمات الخاصة التي تجعله متميزا، ومن ذلك استخدام أنواع معينة من الخطوط والكتابة واللغة.

الكلمات المفتاحية: مصر القديمة، أدب الحكمة، العوامل، السمات.